# گەندەڵیەکانی سیاسی و ئابوری و ئەخلاقی نیزامی سەرمایەداری لە هەناوی قەیرانی ئەمڕۆی دا

**بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکار ڕێورەسمێک لە مەقەری ناوەندی کۆمەلە لە زرگوێز بەرێوە چوو. لەو ڕێورەسمەدا پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە لە لایەن هاورێ رەحمان نەجاتەوە پیشکەش بە ئامادە بوان کرا. ئەوەش دەقی پەیامەکەیە:**

**میوانە بەرێزەکان!**

بەشدار بووانی ئازیزی رێ ورەسمی ڕۆژی جەژنی جیهانی کارگەران!

لەلایەن خۆم و هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پڕ بەدڵ بە خێرهاتنتان دەکەم بە بۆنەی بەشداری کردنتان لەو رێ ورەسمەدا. ئەو ڕۆژە لە ئێوەی بەرێز، لە گشت کرێکارانی جیهان، لە هەر ئینسانێك کە ئاواتی بە دی هاتنی دونیایەکی بێ ستەم و چەوساندنەوە، لەدڵی دایە، پیروز بێ.

با هەر لەم ڕۆژەدا یادی هەموو ئەو کرێکارە پێشڕەوانە بکەینەوە، کە گیان لەسەر دەست لە پێنادی ئامانجی شەریف و ئینسانی چینەکەیان، سنگیان کردە قەڵغان و بێ باك لە ئەشکەنجە و زیندان و مردن بەرەورووی پارێزەرانی چەوسانەوە و ستەم بوونەوە و گیان و ژیانیان کردە چرای روناکی بەخشی خەباتی ئەو رۆی چینی کرێکار.

با یادی هەموو ئەو کرێکارانە بکەینەوە کە رۆژانە، بەهۆی ڕووداوی شوێنی کار، دەبنە قوربانی قازانج پەرەستی سەرمایەدارنێك کە ئامادە نین لانیکەمی ئەمنیەتی شوێنی کاریان بۆ دابین بکەن و گیانیان لە پێناوی دابین کردنی ژیانێکی مەمرە ومەژی فیدا دەکەن.

لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی رژیمی ئیسلامی سەرمایەداران دا، ئەمرۆ کە سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسانی لە کارگەران زەوت کراوە. ئەوان مافی ریکخراو بوونیان نییە، مافی مانگرتنیان نییە، مافی خۆپیشاندانیان نییە، قەراردادی کورت ماوەیان لە گەڵ دەبەستن و بەلگەنامەی سپی یان پێ ئیمزا دەکەن بۆ ئەوەی هەرکات ویستیان بەبێ بەهرەمەند بوون لە هیچ چەشنە بیمەیەکی کومەلایەتی و هیچ تەزمینیك بۆ دوا رۆژیان لەسەر کار دەریان کەن. حەقدەستەکانیان لەکاتی خۆی دا پێ نادەن، سەرەرای رەنجی زۆر وکاری تاقەت پروکێن ژیانیان لە ژێر هێلی هەژاری دایە. ئەوان تەنانەت لە مافی بەرێوەبردنی رێ ورەسمەکانی یەکی مەی بێبەش کراون و هەموو سالێك ژومارەیەکی زۆریان لە سەر هەوڵدان بۆ بەرێوە بردنی رۆژی جیهانی خۆیان، دەکەونە زیندان.

چینی کرێکاری ئێران لەوەها هەل ومەرجێك دایە کە لە گەل سەرمایەداران و رژیمی ئیسلامی پالپشتیان، دەست و پەنجە نەرم دەکات. ئەگەر هەوالی پێکهاتنی ریکخراوێکی کرێکاری یان مان گرتنێك دەبیستن، ئەگەر لەشوێنك مافێکی سەرەتایی بۆ کریکاران دەستە بەر دەبێ، ئەگەر رێ ورەسمێك لە رۆژێکی وەك ئەمرۆدا لە شوێنێك بەرێوە دەچێ، بزانن کە ئەوە بەرهەمی خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەر و پاشەکشە کردنی رژیم لەمەیدانی نەبەردێکی واقعی چینایەتی دا بوە. نەبەردێك کە ئەمرۆ کە بەپانایی هەموو ئێران، لەجەریان دایە. تەنانەت میدیاکانی سەربە ناوەندەکانی دەسەلات ریکخراوەکانی لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە دونیای پیشکەوتووی سەرمایەداریدا گەلێك جار چاوی خۆیان لەئاست ئەم هەوالانە دەبەستن و دەستگیری و زیندان و ئەشکەنجەی کرێکارانی پیشرەو و مافخواز پشت گوێ دەخەن، وا دیارە لە روانگەی ئەوانەوە مافی مروڤ شمولی مافی کرێکار ناکات.

بەڵام با سەرمایەداران و دەولەتانی پارێزەریان سەری خۆیان بکەنە ژێر بەفرەوە و خۆیان لە دیتنی راستی یەکانی ئەو خەباتە چینایەتیە بپارێزن، ژیان رەوتی خۆی دەبرێ و بەرەوپێش دەچێ.

مانگرتنی کرێکاری بە پیچەوانەی یاسای دەولەتی بەردەوام لە ئارا دایە. خۆپیشاندان سەرەرای هەرەشە و گورەشەی دام و دەزگای سەرکوت بەرێوە دەچێ، رێکخراوی کرێکاری لەژێر تیغی جەلاددا بەرپا دەکرێ، هاوپشتی کرێکاری لە ئاستی نیونەتەوەیی بەرە بەرە شکڵ دەگرێ ورێکخراوە کرێکارەیەکانی جیهانی پشتگری لە هاوچینەکانیان لە ئیران دەکەن. ئەو رەوتە ریشەی لە قولایی کۆمەلگا دایە و رێگای خۆی دەبرێ.

ئەمرۆ لە کاتێك دا کە قەیرانێکی قوول و بەرینی ئابوری جیهانی سەرمایەداری داگرتوە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەرژەوەندی چینی کرێکاری لە هەموو جیهان پێکەوە گرێداوە. جەوهەر و ناوەرۆکی رێگاچارەی دەولەتانی سەرمایەداری بۆ بەرەوروو بوونەوە لە گەل ئەو قەیرانە لە هەموو شوێنێك وەکوو یەك وایە. لە هەر شوێنێك بە زمانێك و لە هەر جێگایەك بە شێوەیەك هەوڵ دەدەن ئەو قەیرانە بە قیمەتی هەژارتر کردن و برسیتر کردنی خەلکی کرێکار و کۆمەلانی کەم داهات و زەحمەتکێش کونترۆل کەن. لە ولاتانی پێشکەوتوو دەولەتەکان فریوکارانە داوا لە کرێکاران دەکەن فیداکاری بکەن و دان بە جەرگی خۆیان دابگرن و بۆ دەورەیەك هەژاری تەحەممول کەن تا دەولەتەکان بتوانن بە سەر قەیرانەکەیان دا زاڵ بن. لە ولاتانی دواکەوتوی وەکوو ئەو ولاتانەی ئێمە بە چاو سوور کردنەوە و زەبر و زەنگ نواندن ، هەول دەدەن بێ ماف و بێدەنگمان کەن و هەر هەمان سیاسەت بەرێوە بەرن.

لە هەناوی ئەو قەیرانە دا گەندەلیەکانی سیاسی و ئابوری و ئەخلاقی نیزامی سەرمایەداری زیاتر لە هەمیشە دەرکەوتۆە. لە کاتێك دا کە هەمویان لە سەر چەوساندنەوەی چینی کرێکار و بێ ماف کردنی کۆك بوون لە ناو خۆیاندا بەردەوام خەریکی قانون شکێنی و پاشقول گرتن لە یەکتر بون.

لێهاتووترین مودیرانیان چاوبەسترین و گەندەلترینیان بوون. لە حالیکدا کە بایەخەکانی بازاری ئازاد بەلایانەوە پیرۆز بوو، ژێربەژێر خەریکی پاوانکردنی بازار و لە میدان بەدەرکردنی رقیبەکانیان بە شیوەی نایاسایی بوون. تەنانەت لە ئاستی دەولەتە گەورەکانیش دا هەرکامەیان چەندین فایلی پێشێلکاری لە ریکەوتن نامەکانی ناو خۆیان لێدەرکەوتوە.

جیهان لێواولێوی سەروەت و نیعمەتە و عەمبارەکان لە هەموو شوینیك جمەیان دێ ، بەڵام رێگا نادەن بەرهەمی رەنج و کاری ئینسان بە دەستی خاوەنانی راستەقینەی خۆی بگات. دەبێ بڕزیت و لە ناو بچێت تا سەرمایەداری ببوژێتەوە لە قەیران رزگاری بێ.

ئایا هەمووی ئەمانە بەو مانایە نیە کە ئەو نیزامە تا بینەقاقای غەرقی گەندەلی بووە و سەلاحییەتی بەرێوەبردنی ژیانی بەشەری نەماوە ؟ ئایا ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە بەشەرییەت کەوتوەتە دورێیانێك کە یا دەبێ ژیان بگوازێتەوە بەرەو نیزامێکی کۆمەلایەتی دیکەو یان رێگابدات کە سەرمایەداران و دەولەتەکانیان بەرەو بەربەریەتێکی نوێ بەرن و ژیانی غەرقی نەهامەتی و شەر و وێرانی بکەن ؟

خۆشبەختانە ئەمرۆکە شاهیدی وەخەبەرهاتنێکی نوێین . خاوەن بیرەکانی سەرمایەداری کە لە خۆباییانە تێزی ئەبەدی بوونی نیزامی سەرمایداریان بەسەرماندا دەخوێند ، فریوکارانێك کە هەوڵیان دەدا بە نەزەریەی بێ ناوەرۆکی "ئینسانی کردنی سرمایەداری" تەمەنی ئەو نیزامە درێژ کەنەوە ، هەمویان کش و مات لە ئاکادمیاو زانکوکاندا بونەتە مایەی گالتە جاری خوێندکارانیان.

سوسیالیزم وەکو تەنیا ریگای تیپەر کردنی بەشەرییەت لە بنبەستی سەرمایداری، لە ئاستی کومەلایەتیدا ئیعتبارێکی نوێی پەیدا کردوە. دەنگی پشتیوانی کرێکاران لە خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانیان لە یەکتر لە گەلێك شوێن بەرز بۆتەوە .

ئەمرۆ کە قەیرانێکی قوول وبەرینی ئابوری کەجیهانی سەرمایەداری داگرتوە زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە بەرژەوەندی چینی کرێکاری لەهەموو جیهان پێکەوە گرێداوە. دەنگی پشتیوانی کریکاران لەخەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانیان لە یەکتر لەگەلێك شوێن بەرزبۆتەوە.

با تەنها سێ دیمەنی ئەو هاوپشتی یە کە لەچەند رۆژی رابوردودا لە هەواڵەکان دا هاتوە باس بکەم:

3000 کرێکاری کارخانەی کێنتیناتال تایەر لەشاری هانوفەر لە شیمالی ئالمان، مان دەگرن و خۆپیشاندان رێ دەخەن، زیاتر لە 1000 کرێکاری لقێکی دیکەی ئەو کارخانەیە کە هەزار کیلومیتر دوورتر و لەجنووبی فەرانسەیە، خۆیان دەگەیننە ئەو شوێنە و لەمانگرتن و خۆپیشاندانی هاوچینەکانیاندا بەشداری دەکەن، دروشمی سەرەکی ئەو خۆپیشاندانە، "کریکارانی جیهان یەك گرن " بوو.

چوار رێکخراوی نێونەتەوەیی کرێکاری کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکیەتیە کرێکاریەکان، فیدراسیۆنی جیهانی کرێکارانی گواستنەوە، یەکیەتی نێونەتەوەیی کرێکارانی سەنعەتی مەوادی خۆراکی، کەشاوەرزی و خزمەتگوزاری و

فیدراسیۆنی ئاموزشی نێونەتەوەیی، لە سەروبەندی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاردا بە دەرکردنی بەیانیەیەك، بەگەرمی پشتیوانیان لە خەباتی کرێکارانی ئێران کردوە وخوازیاری ئازاد کردنی کرێکارانی زیندانی بوون. هەڵبەت ئەوە یەکەم جاریش نییە کە ئەو کارە دەکەن.

هەر لە رۆژانی رابردوودا شاهیدی هاوئاهەنگیەکی کەم وێنەی کرێکاری لە ئێران بووین. زۆربەی رێکخراو و ناوەندە کرێکاریەکانی ئێران بە مەیل و بۆچوونی جیاوازەوە لە سەر بەرێوەبردنی هاوبەشی رێ ورەسمەکانی یەکی ئەیاری ئەمساڵ ریك کەوتن و بریارنامەی هاوبەشیان دەرکرد.

بەرێزان!

خەباتی کرێکارانی کوردستان لە ئێران و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەشێکی جیانەکراوەی ئەو خەباتە جیهانی یە کە لە ئارا دایە. دوا رۆژی پرشنگداری سەرکەوتنی ژیانی بەختەوەرانەی پڕ لەئاسایش، بە یەکسانی و بۆ هەمووان، ئاسۆی هیوا بەخشی بەرپابوونی حکومەتی کرێکاری و وەدی هاتنی کۆمەڵگای سوسیالیستی، دەتوانێ بەرهەمی خەباتێکی بەدوور لەجیاوازی نەتەوەیی و رەگەزی بێ. کرێکارانی کوردستان لە ئێران و تورکیا و سوریا، و لەهەر شوینێك کە هەن هاوپەیمانانی، وەفادار و شێلگیری خۆیان بۆ رزگاربوون لە هەمووستەمێکی چینایەتی ونەتەوایەتی لەناو ریزەکانی چینی کرێکاری هاوچارەنووسی خۆیان لەو ولاتانەدا دەتوانن ببینەوە.

با بەگیانێکی پێشکەوتوانە وئەنترناسیونالیستی هەولەکانمان بۆ یەك گرتووکردنی ریزەکانی ئەو خەباتە، چڕتر کەینەوە. رێگا نەدەین هیچ چەشنە بەرچاوتەنگی وکورت بینێکی نەتەوەی و مەزهەبی ورەگەزی کە تەنها لە بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار و دەولەتەکانیان دایە، بەسەر مێشك و زەینی هاوچینەکانمان دا زاڵ بی.

جارێکیتر رۆژی یەکی ئەیار جەژنی جیهانی کریکارانتان لی پیروز بیت.

هەر شاد و سەرفەراز بن.

***